Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2022-2023
Vol. VIII, No. 2, Series 14

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۱
سال ۸، شماره ۲، پیاپی ۱۴

# بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی داهاتووی ڕوون لە شێعری بەرگریی عەبدوڵا پەشێودا: لێکۆڵینەوەی دەفتەری *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغە*

ناسێح مەڵایی[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۰۹ فروردین ۱٤۰۱؛ تاریخ پذیرش: ۲۸ دی ۱٤۰۱؛ صص. ۱۳۹-۱۵۵
**DOI:** https://doi.org/10.34785/J09.2022.009

## کورتە

بنواتاکانی ئەدەبی بەرگری بە گشتی و شێعری بەرگری بە تایبەت جۆربەجۆرن. بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون یەکێکە لەو بنواتایانەی کە لە شێعری شاعێرانی ئەم بوارەدا ڕەنگدانەوەییەکی بەرچاوی هەیە. شوێنەواری ئەم بنواتایە چ لە ئەدەبی بەرگریی جیهانیی و چ لە ئەدەبی ناوچەیی و نیشتمانیدا بە ڕوونیی دیارە. هەبوونی ئەدەبی بەرگری بە چاوەڕوانیی سەرکەوتن بۆ بزاڤە بەرگری-کارەکان و داهاتوویێکی ڕوون بۆ نەتەوەکانیانەوە بەندە کە تەنیا دەتوانێت بە دەستی منداڵان، واتە بەرە و وەچەکانی داهاتوو ڕوو بدات. عەبدوڵا پەشێو وەکوو یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی بەرگریی هەرێمی کوردستانی باشوور لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، هەوڵی داوە جێگای ئەم بابەتە لە دڵی شێعرەکانی خۆیدا بکاتەوە و کاریگەرییەکی باشتر و زۆرتر بە مەبەستە شێعرییەکانی خۆی ببەخشێت. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە توێژینەوە لە دەفتەری *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغەی* پەشێو، و بە پشتبەستن بە شێوازی گێڕانەوەیی-شیکارییەوە، کاریگەریی قووڵی ئەم بنواتایە لە سەر مەبەستە شێعرییەکان و شێوازی شێعریی شاعێر لە ئەدەبە بەرگرییەکەیدا دەر بخات. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بەشێکی ئەنجامەکانیدا دەری دەخات یەکێك لە گرنگترین بنواتا شێعرییەکانی پەشێو چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی دەرکەوتنی داهاتوویێکی ڕوونە کە بەرەی داهاتوو پێکی دێنێت. توانستی شاعێر لە هەڵبژاردنی وشە ڕاگەیێنەرەکان و کەڵکوەرگرتن لە وێنەسەرەتاییە ناسراوەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە مۆرکێکی تایبەت بە شێوازەکەیەوە بنەخشێت و بەهێزتری بکات تاکوو کاریگەرییەکی قووڵتر لە سەر بەردەنگ دابنێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** بنواتا؛ چاوەڕوانیی سەرکەوتن؛ پێشبینیی داهاتووی ڕوون؛ شێعری بەرگری؛ کوردستانی عێراق؛ عەبدوڵا پەشێو.

## چکیده

درونمایه‌های ادبیات مقاومت به طور عام و شعر مقاومت به طور خاص، گوناگون هستند. درونمایه انتظار پیروزی و فرارسیدن آینده‌ی روشن یکی از درونمایه‌های شعر مقاومت است که در شعر شاعران مقاومت نمود گسترده‌ای دارد. آثار این درونمایه چه در ادبیات جهانی مقاومت و چه در ادبیات منطقه‌ای و ملی مبرهن است. وجود ادبیات مقاومت در گرو انتظار پیروزی برای حرکت‌های مقاومت‌محور و آینده‌ای روشن برای ملت‌هایشان است که تنها از عهده‌ی کودکان، یعنی نسل‌های آینده برمی‌آید. عبدالله پشیو به عنوان یکی از ستون‌های ادبیات مقاومت اقلیم کردستان عراق در نیمه دوم قرن بیستم، تلاش کرده است تا این موضوع را در لابلای شعرهایش بگنجاند و تأثیرگذاری بهتر و بیشتری به مفاهیم شعری خود ببخشد. این مقاله می‌خواهد از طریق بررسی و مطالعه دفترشعری *دوازده درس برای کودکان و چند شعر ممنوع* و با تکیه بر روش توصیفی-تحلیلی، تأثیر شگرف این درونمایه بر مفاهیم شعری و سبک شاعر را نشان دهد. از مهمترین نتایج این مقاله آن است که یکی از مهمترین درونمایه‌های شعر پشیو انتظار پیروزی و پیشبینی فرارسیدن آینده‌ای روشن است. توانایی شاعر در گزینش واژگان و بکارگیری نمونه‌های نخستین باعث شده است که سبک شاعر برجسته و قوی گردد و بنابراین تأثیر بهتری بر مخاطب داشته باشد.

**واژگان کلیدی:** درونمایه، انتظار پیروزی، پیشبینی آینده‌ی روشن، شعر مقاومت، کردستان عراق، عبدالله پشیو.

## ۱- پێشەکی

تەمەنی بەرگری و بەرەنگاربوونەوە بە ڕادەی تەمەنی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوییدا کۆنە، واتە لە کاتی هەبوونی مرۆڤەوە تاکوو ئێستا، بەرگری لە ئارادا بووە. ڕەنگە گرنگترین دیاردە بۆ مرۆڤ لە دوای ڕەواندنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکان و جێبەجێکردنیان، بەرگری لە خۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە دەستدرێژییەك بووە کە ژیان و دەستەڵات و مەڵبەندەکەی خستووەتە مەترسییەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە هەوێن و ئاڤینێك بووە کە بەرهەمی هونەریی و خەیاڵاوی لە بیر و مێشکی مرۆڤدا

۱. دوکتۆرای زمان و وێژەی عەرەبی، کارناسی زمان و وێژەی کوردی، مامۆستای قوتابخانە لە پەروەردەی کەرتی ۲ی سنە، ئێران. naseh.m1986@gmail.com

گرساندووە تاکوو بە شێواز و جۆری پڕبەدڵی خۆی دەری ببڕێت. ئەگەر لایەنە نەرێنییەکانی دەستدرێژیی و داگیرکاریی و هەر جۆرە چەوساندنەوەییێکی مرۆڤ بەرانبەر بە هاوتای خۆی لە ئەم ڕەوتەدا دەر بکەین، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم خووەی مرۆڤ باشترین هۆکاری ئافراندنی ئەدەبی بەرگری بووە.

لە مێژووی ئەدەبی بەرگریدا، شاعیران بەردەوام هەوڵیان داوە ڕێکارگەلێك هەڵبژێرن کە زۆرترین ڕادەی هاوئاهەنگییان لەگەڵ شێوازەکەیاندا ببێت و لە بەرانبەریشدا چاکترین کاریگەریی لە سەر بەردەنگ دانێن. ڕەنگە بتوانین شێعر و ئەدەبی بەرگری وەکوو بەشێك دانێین کە دەبێ خاوەنی خێراترین ڕێکار و بەهێزترین شێواز ببێت تاکوو بتوانێت زۆرترین کاریگەریی بە سەر بەردەنگەکانیەوە جێ بهێڵێت. هۆکاری ئەم پێداویستییە ئەوەیە کە نەتەوەی خۆڕاگری شاعیر لە کاتێکی دیارکراودا شانبەشانی شێعرەکانی دەچنە پێشەوە و هەر بەم بۆنەوە، دەبێ شێعرە بەرگریتەوەرەکان لە کەمترین کاتدا زۆرترین کاریگەرییان ببێت.

ئەدەبی بەرگری لە ڕێگای بنواتاگەلێکی جۆربەجۆرەوە هاوشانی گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەجووڵێتەوە و ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. زۆربەی ئەدەبەکانی جیهان خاوەنی بنواتای تایبەت بە فەرهەنگ و کۆمەڵگای خۆیانن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، بنواتاگەلێکی گشتیی هاوشێوە لە نێوان ئەدەبە جیاجیاکانی جیهاندا هەیە. ڕەنگە گرنگترین هۆکاری ئەم هاوبەشییە بۆ وێکچوونی بارودۆخی وڵاتانی داگیرکراو لە سەردەمی داگیرکردنیاندا بگەڕێتەوە. «گرنگترین بنواتاکانی بەرەنگاریی کە لە لایەن زۆربەی شاعیرانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە بینراوە، بریتیین لە: هەڵگوتن بە ئازادیی و ئازادیی‌خوازیدا، بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆر و بانگهێشتی خەباتکردن، چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون، گیانبازیی لە ڕێگای نیشتمان و هتد» (ملایی، ١٣٩٩: ٧٥ و ٧٦). ئەم بنواتایانە وەکوو بنەماگەلێکی گشتیی و سەرەکیی ئەدەبی بەرگرین کە لە هەر ئەدەبێکدا هەبوونیان هەیە و بوونی ئەدەبی بەرگری لە نەبوونیاندا چاوەڕوان ناکرێت.

سەد ساڵ لە مێژووی دامەرزاندنی وڵاتی عێراق تێپەڕ دەبێت و لە درێژەی نزیك بە حەفتا ساڵی ئەم سەدەیەدا نەتەوەی کورد چەند دەوڵەتی ئەزموون کردووە و لە بەرانبەر زۆر و بێدادیانەوە وەستاوە و لەو پێناوەدا قوربانییەکی ئێجگار زۆریشی داوە. وێژەی کوردیی باشووری کوردستان لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی سەدەی بیستەمدا پڕە لە شاعیرگەلێك کە زمانی ئەم بارودۆخە بوونە، یان لانی‌کەم لە شێعرێکدا پەرژاونەتە سەر ئەو دۆخە و هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکەران دەربڕیوە. «لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەشدا لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکاندا شێعری کوردیی باشتر ئاوێتەی مەسەلەی سیاسییەکان ئەبێت و زیاتر ئەخەملێ و تێکەڵاوی جەماوەر، و هاندەریان ئەبێت» (بایز ئیسماعیل، ٢٠٠١: ٦٠). کە وایە، لە پاڵ ڕەوتی سیاسییدا، شێعر و ئەدەبی بەرگری لە هەرێمی کوردستاندا ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە، و ئەم دوو ڕەوتە وەکوو دوو باڵی ئەو کۆترە ئازادییەی بوونە کە ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا دەفڕێت.

ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵگایە و شێعریش وەکوو لقێك لە ئەم ئاوێنەیە، هەمیشە هەوڵ دەدات دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆیدا بنوێنێتەوە. شاعیران بە گشتیی و شاعیری دەروەست و بەرەنگار بە تایبەت، بە وردبینییەوە سەیری بارودۆخی کۆمەڵگاکەی خۆیان دەکەن و ئاوڕی لێ دەدەنەوە و بە زمانێکی جیاواز لە بەرهەمەکانیاندا دەیگێڕنەوە. عەبدوڵا پەشێو یەکێك لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبی بەرگریی کوردیی هاوچەرخە کە زۆربەی شێعرەکانی ڕەنگ‌وبۆیێکی بەرەنگارانەی هەیە و ئەم شێوازە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا ناسراو ببن و جێگای خۆیان لە دڵی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا خۆش بکەن. «بێ‌گومان پەشێو یەکێك لە خۆشەویستترین و خەڵکیترین شاعیرانی کوردە. ڕەنگە کەمتر کوردێك بێ کە لانی‌کەم چەند شێعری پەشێوی لەبەر نەبێ و ورتەورت نەیانڵێتەوە» (ئامێدیان، بێ‌تا: ١٠٣). شاعیر هونەرمەندانە و بە بەکارهێنانی هێندێك ڕێکاری دیکە لە دەفتەرێکی شێعرەکانیدا، واتە *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغە*، بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوونی زۆرتر لە بنواتاکانی دیکە زەق کردووەتەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات لە ڕێگای دۆزینەوەی وڵامی پرسیارەکانی خوارەوە، توێژینەوە لە سەر ڕادە و کاریگەریی بەکارهێنانی ئەم بنواتایە لە دەفتەری ئاماژەپێکراودا بکات و تیشك بخاتە سەر بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شێعریی شاعیر لە ئەدەبی بەرگریدا:

**یەکەم:** ڕادەی بەکارهێنانی بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون لە دەفتەری دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغەدا چەندە؟

**دووهەم:** ڕێکارەکانی شاعێر بۆ زەقکردنەوەی بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون کامانەن؟

**سێهەم:** کاریگەریی بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون لە مەبەستی شێعریی و شێوازی بەرگرییانەی شاعێردا چۆنە؟

**۲- پێشینە**

هێندێك لەو بەرهەمە زانستییانەی کە تا ڕادەیێك، پەیوەندییان لەگەڵ بابەتی ئەم وتارەدا هەیە و ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن بریتیین لە:

کتێبی *الواقعیة في الأدب الکردي*. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ ئەم کتێبەی لە ساڵی ۲۰۱۰دا بۆ دووهەم جار چاپ کردووە. زمانی کتێبەکە عەرەبییە و لە چوار بەشدا پێك هاتووە. نووسەر سەرەتا باسی واقێعیخوازیی لە سەرەتای ئەدەبی کوردیی‌دا دەکات و هەر لەم بەشەدا باسی سەرەتای بەدیهاتنی شێعر و ئەدەبی بەرگری دەورووژێنێت و فەقێ تەیران (١٥٦٣- ١٦٤١) و مەلای جزیریی (١٥٦٧- ١٦٤٠) وەکوو یەکەم شاعێرانی ئەدەبی کوردیی دەناسێنێت کە یەکەم هەنگاویان بۆ بنیادنانی ئەدەبی بەرگریی کوردیی هەڵ گرتووە و دژی دەستەلات و سامانی دەرەبەگایەتیی وئاغەواتیی، شێعری بەرەنگارانەیان وتووەتەوە. هەروەها ئەحمەدی خانیی (١٦٥٠- ١٧٠٧) وەکوو یەکەم شاعێری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و ئازادیی‌خواز دەناسێنێت کە ڕێچکەکانی ئامانجە نەتەوەییەکان دیاریی دەکات و باسی سەربەخۆیی و پێشکەوتنی وڵات لە سێبەری ئەو سەربەخۆییەدا ڕوون دەکاتەوە.

کتێبی *ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شێعری کوردی*. ئەرسەلان بایزئیسماعیل ئەم کتێبەی نووسیوە و لە ساڵی ۲۰۰۱دا چاپی کردووە. ئەم کتیبە لە ڕاستییدا کۆتاییی‌نامەی پلەی ماجستێری نووسەرە کە لە ژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە ساڵی ۱۹۹۹دا نووسراوە. بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی شۆڕشی کوردیی و بە تایبەت کوردستانی باشوورە، و لە سێ بەشدا نووسراوە کە لە کۆتایی بەشی یەکەم و سەرەتای بەشی دووهەمدا ئاماژەگەلێکی گشتیی بە ئەدەبی بەرگری و یەکەم شێعرەکانی ئەم بوارە دەکات. نووسەر باسی بنیادنانی ئەدەبی بەرگری لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی‌دا دەکات و ئینجا بە وردەکارییەوە دەپەرژێتە سەر ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی باشووردا.

کتێبی *شعرای نامدار کرد*. نووسەری ئەم کتێبە فەخرەدین ئامێدیانە و لە ساڵی ۱۳۸۸هەتاویی‌دا بۆ جاری یەکەم چاپ بووە. پوختەیێك لە ژیان و بەرهەمی گرنگترین شاعێرانی ئەدەبی کوردیی بە گشتیی لە سەرتاوە تاکوو ئەمڕۆکە، ناوەڕۆکی کتێبی ئاماژەپێکراوە. نووسەر لە باسی ژیان و کاریگەریی بەرهەم و بیری فەقێ تەیران و مەلای جزیریی و ئەحمەدی خانیی و حاجی قادر (١٨١٦- ١٨٩٧)دا، ئاماژە بە ڕۆڵ و پێگەی هەر یەك لە ئەم شاعێرانە لە جێگای خۆی‌دا دەکات.

وتاری «شێعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری». ئەم وتارە لە لایەن هادی حەبیبییەوە لە گۆڤاری *ڕامان*، ژمارە ٢٠٤، لل ٦١-٦٦دا نووسراوە و بڵاو بووەتەوە. لەم وتارەدا، سەرەتا باسی ئەدەبی بەرگری لە ڕەهەندی جیهانییەکەیەوە کراوە، ئینجا هاتووەتە سەر ئەدەبی بەرگریی کوردیی و ئەحمەدی خانیی وەکوو یەکەم شاعێر ناساندووە کە لەم بوارەدا بەرهەمە مەزنەکەی "مەم و زین"ی نووسیوە. لە هەرێمی کوردستانی باشووریشدا حاجی قادر وەکوو یەکەم شاعێر دادەنرێت کە لە بواری ئەدەبی بەرگری‌دا شێعری هۆنیوەتەوە و لە بەرانبەر داگیرکەردا وەستاوە. ئەم وتارەش وەکوو دوو بەرهەمی پێشوو، ڕیشە و بنچینەی بەرگری لە ئەدەبی کوردیی‌دا دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیی، واتە ئەو کاتەی کە هێشتا کوردستانی باشوور و ڕۆژاوا و باکوور لە یەکتر جیا نەبوون.

وتاری «ئەدەبێ بەرگری و ڕۆلێ وێ بەرامبەری داگیرکرنێ: هۆزانێن قەدری جانی وەك نمونە». نووسەری ئەم وتارە، هاریوان محمد احمد و ڕەمەزان حەجی قادرە کە لە گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا: ٢٢، ژمارە ٢، (زانستێن مروڤایەتی و کومەلناسی)، ساڵی ٢٠١٩، لل ٥٥٠- ٥٧٤ چاپ کراوە. ئەم وتارە لە پێنج شێعری قەدری جانی کۆڵیوەتەوە و دەری خستووە کە تایبەتمەندیی ئەدەبی بەرگری لە ئەو پێنج شێعرەدا ڕەنگی داوەتەوە، و یەکێك لە گرنگترین بنواتاکانی شێعرەکانی شاعێری ناوبراو، ڕڤاندن و دەرکردنی بریتانیای داگیرکەر لە وڵاتە.

وتاری «سیمبۆڵی ئاڵا و نیشتمان لە شێعری پەشێودا». ئەم وتارە لە لایەن هەڵۆ بەرزنجەیی-ەوە نووسراوە و لە گۆڤاری *هەنار*، ژمارە ٨١، ساڵی ٢٠١٢، لل ١٨- ٣٨دا چاپ کراوە. وەکوو خودی نووسەر وتوویەتی، ئەم خوێندنەوەیە ئاوڕێك لە تێکۆشانەکانی شاعێر بۆ تۆمارکردن و بەرجەستەکردنی ئەم دروشم و هێمایانە دەداتەوە. نووسەر لە لێکۆڵینەوەی هێمای ئاڵادا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە منداڵ وەکوو کاراکتەرێکی گرنگ دابنێت کە هێمای ئایندەیێکی خاوەن ئاسۆی پڕ لە بەختەوەریی و چارەنووسێکی گەشترە. هەروەها ئاماژە بە بێهیوایی شاعێر لە کەسایەتییەکانی گۆڕەپانی ئەو کاتەی سیاسەتیی کوردیی دەکات و هیوا بە پێگەیشتنی منداڵان لە داهاتوودا دەبەستێتەوە.

وتاری «مۆنۆلۆگی درامیی لە قەسیدەی (هەولێر لە یەکی شوباتا)ی عەبدوڵلا پەشێودا». ئەم وتارە لە لایەن سەنگەر قادر شێخمحەمەد حاجی-ەوە نووسراوە و لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٦، ساڵی ٢٠١٦، لل ٧٧- ١٠٦دا چاپ کراوە و بڵاو بووەتەوە. ئەم وتارە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە پەشێو لە پاڵ زمانەشێعرییە سادە و ڕەوانەکەیدا، بۆ درێژکردنەوەی قەسیدەکەی و گەیاندنی پەیامی زیاتر، کەڵکی لە مۆنۆلۆگی درامیی وەرگرتووە تاکوو شێوازەکەی پتەوتر و بەهێزتر بکات.

نامەی دوکتۆرای «بررسی تطبیقی شعر پایداری در ادبیات عربی و کردی در نیمه دوم قرن بیستم میلادی؛ مطالعه موردپژوهانه اشعار سمیح قاسم و عبدالله پشیو». ئەم نامەیە لە ئاستی دوکتۆرا و لە زانکۆی بووعەلیسینای هەمەداندا نووسراوە و لە ساڵی ١٣٩٩ هەتاوییدا وەکوو ئەرکی کۆتایی دانی پێدا نراوە. نووسەری ئەم کۆتاییینامە ناسێح مەلایی-ە کە لە بەشی سێهەمدا مێژووی ئەدەبی بەرگریی کوردیی لە هەرێمی کوردستان و پەرەسەندنەکەی لە سەرەتاوە تاکوو سەردەمی هاوچەرخی پەشێوی شاعێر، خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. نووسەر، ئەدەبی بەرگریی کوردیی و شاعێرانی بەرگری لە چوار پلەدا دادەنێت کە بریتین لە: بەرەی شاعێرانی دامەرزێنەر: واتە فەقێ تەیران، مەلای جزیریی، ئەحمەدی خانیی. بەرەی یەکەم (لە دامەرزاندنی وڵاتی عێراقەوە): حاجی قادر، پیرەمێرد، فایەق بێکەس، گۆران، دڵدار. بەرەی دووهەم: هەردیی، موحەمەدساڵەح دیلان، کامران موکریی، کاکەی فەلاح ، و هتد. بەرەی سێهەم: شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵا پەشێو، ڕەفێق سابیر، و هتد.

نامەی ماستەری «جنبەهای پایداری در اشعار شفیعی کدکنی و شیرکو بیکس شاعر کردستان عراق». ئەم نامەیە بۆ قۆناغی ماستەر و لە زانکۆی ئیسفەهاندا نووسراوە کە لە ساڵی ١٣٩٣ هەتاوییدا وەکوو ئەرکی کۆتایی دانی پێدا نراوە. نووسەری ئەم کۆتاییینامە قارەمان ئەحمەدیی-ە کە لە سەرەتا و باسە گشتییەکانی نامەکەیدا مێژوویێکی کورتی سەبارەت بە ئەدەبی بەرگریی کوردیی کوردستانی باشوور لە کاتی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی عوسمانییەوە تاکوو سەردەمی دەسەڵاتی کوردیی لە عێراقدا نووسیوە و لە پاڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە پێگە و ڕۆڵی شێرکۆ بێکەسیش کردووە.

لە پاڵ ئەو بەرهەمە ناوبراوانەدا، هێندێك نووسینی پەیوەندییداری دیکەش بە باسەکەوە هەن کە لە ماڵپەڕ و وێبلاگە جۆربەجۆرەکاندا نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، بەڵام خاوەن ناسنامەیێکی زانستیی نین و لە هیچ گۆڤارێکی زانستییشدا چاپ نەکراون، بەم بۆنەوە ئاماژەمان پێ نەکردوون.

### ٣- ئەدەبی بەرگری و بنواتا هاوبەشەکانی

ئەدەبی بەرگری[1] وەکوو چەمکێکی دیاریکراو، یەکێك لە نوێترین جۆرەکانی ئەدەبە. ئەم جۆرە بە هەموو چەشنەکانی شێعر و پەخشانیەوە خاوەن بنواتاگەلێکی[2] زۆر و جۆربەجۆرە کە لە فەرهەنگ، کۆمەڵگا و زمانێکەوە بۆ فەرهەنگ، کۆمەڵگا و زمانێکی دیکە جیاوازە. «ئەم زاراوەیە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە بڕەوی هەیە» (مجیدی، ١٣٩٠: ٤١٣). کەوایە، تەمەنی داهێنانی ئەم زاراوە وەکوو چەمکێکی تایبەت، زۆر نیە و نزیکەی نیو سەدەیە هاتووەتە نێو وشەدانی ئەدەبی شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەوە. «ئەگەرچی زاراوەی ئەدەبی بەرگریی نوێیە و لە سەردەمی هاوچەرخدا بووەتە باو، بەڵام بە ڕوانینێکی وردەوە بۆ ئەدەبی جیهانیی، دەتوانرێت میناکگەلێکی زۆر لە ئەم جۆرە ئەدەبییە لە توێی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێشینیانیشدا بدۆزرێتەوە. غەسان

1 . Resistance literature
2 . Motive

کەنەفانیی (۱۹۳٦- ۱۹۷۲) نووسەری هاوچەرخی فەلەستینیی، بۆ جاری یەکەم، نێوی کۆمەڵێك لە شێعر و چیرۆکەکانی شاعێرانی هاوچەرخی فەلەستینیی بە *ئەدەبی بەرگری* ناو نا و بەم شێوەیە، زاراوەی ئەدەبی بەرگری لە نێو شاعێران و نووسەرانی عەرەب و لە دوای ئەوان لە جیهاندا باو دەبێت» (امیریخراسانی و هدایتی، ۱۳۹۳: ۲۷ و ۲۸ بە گێڕاندنەوە لە ترابی، ۱۳۸۹: ۷). لە نێو جۆرەکانی ئەدەبی بەرگری‌دا، شێعر بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی وەکوو کێش و ڕیتمەوە توانیویە جێگای خۆی لە ئەدەبی بەرگری‌دا بە باشیی بکاتەوە و لە لایەن خۆڕاگران و شۆڕشگێڕانی سەنگەرەکانی بەرەی جەنگ و بەرخۆدانەوە لەبەر بکرێت.

ئەم جۆرە لە وێژە بۆ خۆی پێناسەیێکی هەیە کە ئەو پێناسەیە، چوارچێوە و بازنەیێکی سنووردارمان بۆ دیاریی دەکات و ناهێڵێت هەر بەرهەمێك وەکوو بەرهەمێکی بەرگرییانە بناسێندرێت. لە پێناسەی ئەدەبی بەرگری‌دا هاتووە کە: «بە شێعر، چیرۆك، شانۆنامە، هۆنراوە، ستران، و هەڵبەستگەلێك دەوترێت کە لە سەردەمانێکی تایبەت لە مێژووی نەتەوە، یان قەومێك بە دی هاتووە، و ئامانجەکەی ئافراندنی وورەی خەبات و خۆڕاگریی لە نێو خەڵکدایە. ئەم بەرهەمانە زۆرتر لە سەردەمگەلێکی تایبەتدا بە دی دێن و ئەگەر بە باشیی بئافرێندرێن، لە بازنەی ئەدەبی ناوچەیی و نەتەوەییەوە دەر دەچن و وەکوو شاکارەکانی ئەدەب، هەرمان دەبن» (باروتیان، ۱۳۸۷: ۱۳۵). بێ‌گومان ئەم بەرهەمانە، لانیکەم هەڵگری دوو لایەن، یان دوو نەتەوەن کە یەکێکیان مافێك بە ناڕەوا دەخوات و ئەوی دیکەیان مافەکەی دەخورێت، واتە هەر وەکوو ئەوەی لە ژێروشەی ئەدەبی بەرگری‌دا هاتووە: «ئەدەبی بەرگری، زۆرتر دەپەرژێتە سەر گێڕاندنەوەی دلێریی، پێکدادان و فیداکارییگەلێك کە نەتەوە، یان قەومێك لە بەرانبەر نەتەوە یان قەومێکی داگیرکەر و دەستدرێژکەردا دەیکات» (میرصادقی، ۱۳۷۹: ادبیات مقاومت). کەوایە، ئەدەبی بەرگری بە هەر جۆرە بەرهەمێکی وێژەیی دەوترێت کە باسی خۆڕاگریی و بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەیێك دەکات کە نیشتمانەکەی لە لایەن نەتەوەیێکی دیکەوە داگیر کراوە، یان هەوڵی داگیرکردنی بۆ دەدرێت. ئەم بەرهەمانە لە لایەن شاعێر و نووسەرانی نەتەوەی خۆڕاگرەوە ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئەو نەتەوە دەکرێت و ئامانجی سەرەکییان سەرکەوتن بە سەر لایەنی داگیرکەر و دەرکردنی لە وڵات، و هەروەها حەسانەوەی بەرەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی ئازادییە.

مرۆڤ بە بۆنەی مرۆڤبوونیەوە، لە بەرانبەر هەر دیاردەیێکی سروشتیی‌دا ئاکارێك دەنوێنێت کە ڕەنگە کاریگەریی خودی ئەو سروشتە و بارودۆخی کاتی دەرکەوتنی دیاردەکە لە مرۆڤبوونەکە کەمتر بێت، واتە گەوهەری مرۆڤیی وەکوو یەکە و ئەگەری زۆری هەیە کە هاوکات دوو، یان چەند مرۆڤ لە دوو، یان چەند جێگای جیاوازدا ڕووبەڕووی یەك شتی هاوشێوە ببنەوە و بەرپەرچەکانیان بەرانبەر بە ئەو شتە وەکوو یەك بێت کە هۆکارەکەی بۆ هاوشێوەیی گەوهەری مرۆڤیی دەگەڕێتەوە کە گشتییە و تایبەت بە مرۆڤێکی دیارییکراو نیە. بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی زاڵم و داگیرکەر دیاردەیێکە کە هاوکات لە شوێنگەلێکی جیاجیای دونیادا ڕووی داوە و هاوکاتیش لە لایەن نەتەوەگەلێکی جۆربەجۆرەوە بەرپەرچ دراوەتەوە. گەوهەری گشتیی مرۆڤیی وای کردووە کە مرۆڤەکان لە بەرانبەر زوڵم و بێدادی زاڵمەوە، ئاکارگەلێك بنوێنن کە زۆر لە یەك نزیکن. شاعێران و نووسەرانی نەتەوە ژێردەستەکانیش وەکوو زمانی ئەو ئاکار و بەرەنگارییانەی کە نەتەوەکەیان قۆڵی بۆ هەڵماڵیوە، ئەو بەرپەرچانەیان بە شێواز و زمانگەلێکی جیاوازەوە دەربڕیوەتەوە، واتە یەك شتیان بە چەند شێواز و زمانی جیاواز دەربڕیوە. «هەرچەند هەر شاعێر و نووسەرێك شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرهەمەکانی هەڵگری بنواتاگەلێکی جیاوازە، بەڵام بنواتاگەلێکی هاوبەش لە بەرهەمی شاعێراندا هەیە کە دەتوانین وەکوو بنواتاگەلی شێعری بەرگری ناویان ببەین» (ملایی، ۱۳۹۹: ۷۵). بەم پێیە، زۆربەی بنواتا هاوبەشەکانی شێعری بەرگری کە لە زۆربەی وتار و کتێبەکانی ئەم بوارەدا هاتووە و لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە و دەتوانرێت وەکوو بنواتاگەلێکی گشتیی بناسێندرێن، بریتیین لە: هەڵگوتن بە ئازادیی و ئازادییخوازیی‌دا، بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆر و بانگهێشتی خەباتکردن، چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوون، خۆبەختکردن لە ڕێگای نیشتماندا، ڕێزنان لە شەهیدان و گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادیی، ناساندنی ڕوومەتی چەوساوەکان، ناساندنی ڕوومەتی زاڵم و داگیرکەر، دادخوازیی، خۆشەویستیی نیشتمان، یادی ڕێبەرانی شۆڕش و پێشەنگەکانی، وریاکردنەوەی نەتەوە چەوساوەکان، بانگهێشتی تاکەکان بۆ یەکیەتیی، شۆناس و پێناسەی نەتەوایەتیی، هەڕەشە لە دوژمن و بگرە بڕۆ.

### ٤- سەرنجێکی ئەدەبی بەرگری لە هەرێمی کوردستانی باشووردا

کورد لە کوردستانی باشووردا وەکوو مرۆڤ، بە درێژایی مێژووی خۆی لەو هەرێمەدا، ئاشنایەتیی لەگەڵ بەرگری، بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەدا بووە و لە ئەدەب و فەرهەنگەکەی‌دا نواندوویەتەوە. ڕەنگە بتوانین باشترین نیشانەکانی ئەم ئاشنایەتییە لە نێو ئەو ئاسەوارە کۆن و مێژووییانەدا بدۆزینەوە کە بە جۆرێك پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و باسی بەرگریی ئەم نەتەوە لە زێدەکەیەوە دەکەن. فەرهەنگی نەنووسی[3] کۆمەڵگای کوردیی لە گشت بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت ئەم بەشەی‌دا وای کردووە کەلەپوورێکی ئەدەبیی زۆری نووسراو و تۆمارکراومان نەبێت و ئەوەیش کە مابێت، تەنیا لە پاشماوەی خەرمانی فۆلکلۆر و نەریتی زارەکییەوە بێت. نیشانەکانی گرنگیی‌دان بە بەرگری لە زوڵم و زۆر و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر لە تانوپۆی بەرهەمە فۆلکلۆریکەکاندا بەجوانیی دیارە. پەندەکانی «زوڵمی زۆر،ماڵی ماڵدار ئەرمێنێ» یان «هەق وەرگرتنی یە» یان «هەموو شتێك لە باریکیی‌دا ئەپچڕێ، بەڵام زۆرداریی لە ئەستووریی‌دا» (سەرسێفی، ١٣٨٩: ٦٩- ٩٦- ٩٧) وێنەگەلێکن کە ئەو گرنگییەی بەرگری لە بەشێکی ئێجگار بچووکی بیر و هزری کورددا بەگشتیی دەردەخەن.

مێژووی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێك لە وڵاتی عێراق بە مێژووی ئەو وڵاتەوە بەستراوە. ئەدەبی کوردییش وەکوو بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی کورد لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندییەکی نەپچڕاوی بە ئەو وڵاتەوە هەیە. خودی وڵاتی عێراق بەر لە دامەرزاندنەکەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی‌دا، بەشێك لە پاشایەتیی عوسمانیی بووە، و بەم پێیە بۆ دیاریی‌کردنی سەرەتایێك بۆ ئەدەبی بەرگری بە واتا نوێیەکەی لەو هەرێمە و هەروەها عێراقدا دەبێ چاوێکی خێرا بە مێژوو و ئەدەبەکەیان لە کاتی دەسەڵاتداریی ئەو پاشایەتییەدا بخشێنین. بە واتایێکی دیکە، دەبێ مێژووی ئەدەبی بەرگریی هەرێمی کوردستان لە دوو قۆناغدا بورووژێنین. قۆناغی یەکەم: پێش ڕووخانی ئیمپراتووریی عوسمانیی، و قۆناغی دووهەم: پاش ڕووخانی ئیمپراتووریی عوسمانیی.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگری لە هەرێمی کوردستانی باشووردا بۆ سەردەمی ئیمپراتووریی عوسمانیی دەگەڕێتەوە. «لەگەڵ زۆربوونی گوشار و چەوساندنەوەی تورکەکانی عوسمانیی‌دا، بیری نەتەوەخوازییش لە مێشکی نەتەوە ژێردەستەکانی ناوچەکەدا چەکەرەی کرد. ئەوان خوازیاری زیندووکردنەوەی زمان، مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەیی و دامەرزاندنی وڵاتی نەتەوەیی خۆیان بوون» (معرفت، ١٣٩٥: ٢٠). نەتەوەی کوردیش وەکوو یەکێك لە گرنگترین نەتەوەکانی نێو ئەو دەستەڵاتدارییە لە ڕووی جەماوەر و مەڵبەندەوە، شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە لە بەرانبەر بێدادی پاشاکانی دەسەڵاتی عوسمانییەوە ڕاوەستا. شاعێرەکانی نەتەوەی کورد، هاوکات لەگەڵ هاتنی تورکەکانی عوسمانی بۆ نیشتمانەکەیاندا شێعریان هۆنیەوە. ئەم شاعێرانە شێعری خۆیان بۆ دەرخستنی ئەو ستەم و کوشتن و قڕکردن و نەهامەتییانە دەروەست کرد کە تورکەکان بۆیان هێنان. هەروەها ئاوڕیان لە ئەو خەیانەت و بێ‌بەڵێنییانەی دایەوە کە بە دوای لەناوبردنی هەستونەستی کورد و فەرهەنگە نەتەوەیی-ئیسلامییەکەی بوو (شیرکو، ٢٠١١: ٥٧ و ٥٨ کورت‌کراو).

پەیوەندییەکی ئاوەژوو لە نێوان ستەمی داگیرکەر و بەرەنگاریی چەوساوەدا هەیە، واتە هەرچی ستەمی داگیرکەر زۆرتر بێت، بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەوساوەش زۆرتر دەبێت کە لە شێعری شاعێران و بەرهەمی نووسەراندا ڕەنگ ئەداتەوە. «ڕەنگە بتوانین بڵێین شەڕی چاڵدێران خاڵی دەستپێکی شێعری بەرگرییە، چونکوو بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە دەوڵەتی سەفەویی جیا بووەوە و خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانیی. فەقێ تەیران و مەلای جزیریی یەکەم هەنگاوەکانیان بۆ بنیادنانی شێعری بەرگری هەڵهێنا (ملایی، ١٣٩٩: ٦٢). دوو شاعێری ناوبراو بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان، پزووسکەی ئاگری بزووتنەوەی شێعری بەرگرییان خستە نێو کوانووی ئەدەبی کوردییەوە و دوای ئەوانیش، ئەحمەدی خانیی ئەم

---

[3] . Preliterate culture

ئاگرەی هەڵ کرد و گەشەیێکی زۆری پێ دا. «ئەحمەدی خانی بە بۆنەی بیر و داهێنانی هونەریی، بەرهەمەکان و نوێخوازییەکەیەوە وەکوو یەکەمین شاعێری ئازادیی‌خواز و پێشەنگی گەورەی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت، چونکوو ڕێچکەی ئامانجە نەتەوەییەکانی دیاریی کرد و چاکییەکانی سەربەخۆیی و گەشانەوەی وڵاتی لە سێبەری ئەو سەربەخۆییەدا ڕوون کردەوە» (مصطفی رسول، ۲۰۱۰: ٦٦). هەستی شاعێرانەی خانیی لە پاڵ بیری ڕووندا نەیانهێشت لە بەرانبەر چەوساندندوەی نەتەوەکەی‌دا ئارام بگرێت و ئاوڕ لە دۆخ و داهاتووی نیشتمانەکەی نەداتەوە. «ئەحمەدی خانی وەکوو کەسایەتیێکی ڕۆشنبیر و ڕۆناهییدەر بۆ کۆمەڵگای کوردیی هاوچەرخی خۆی، ستەم و بێدادی داگیرکەران و هەروەها لەناوچوونی نەتەوەکەی لە نێوان دوو ئیمپراتووریی عوسمانی و سەفەوی‌دا بینی، و ئینجا هەوڵی دا بیر و هزری کۆمەڵگای کوردی بە سەر ڕاستییەکان‌دا ڕوون بکاتەوە» (ئامیدیان، ۱۳۸۸: ٦١). بێ‌گومان ئەگەر ڕۆڵ و ئەرکی خانیی لە سەرەتا و پێکهاتنی شێعری بەرگری وەکوو گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەدا نەبوایە، ئەوا شێعری بەرگری و هەروەها زمانی کوردیی لە ئاستی شیاوی ئەمڕۆی‌دا نەدەبوو و بیر و بۆچوونی کاروانی بەهێزی بەرگریی شاعێرانی دواکەوتووی خانی بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشتبوو.

سێ کەسایەتیی گرنگ کە لە دوای ئەحمەدی خانییەوە سەریان هەڵداوە و کاریگەییەکی بەرچاویان لە ڕەوتی پێشکەوتنی شێعری بەرگریی هەرێمی کوردستان بووە، عەلی بەردەشانیی (؟-؟)، حاجی قادر (۱۸۱٦- ۱۸۹۷)، و پیرەمێرد (۱۸٦۷- ۱۹۵۰) ـن. ئەم سێ کەسایەتییە هەر کامیان و بە شێوەیێك شوێنی خۆیان لە ئەم بوارەدا جێهێشتووە. عەلی بەردەشانیی لە کاتی ئەوڕەحمان پاشای باباندا (۱۸۲٦- ۱۸٤۹) ژیاوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم‌دا شاعێری دەرباری میرانی بابان بووە. بەردەشانیی لە شێعرەکانی‌دا باسی شەڕ و پێکدادنەکانی نێوان میرانی بابان و داگیرکەران دەکات. لە لایێکەوە باسی نەتەوەی کورد وەکوو قارەمانی پێکدادانەکان دەکات و لە لایێکی دیکەوە وەکوو قوربانیی ئەم شەڕانە دەیناسێنێت (مصطفی رسول، ۲۰۱۰: ٤۷ و ٤۸ کورت‌کراو). نزیك‌بوونیی بەردەشانیی لە دەستەڵاتی کوردییەوە وای کردووە کە ڕاستەوخۆ خۆی لە جەرگەی بەربەرەکانێەکان‌دا ببینێت و باشتر بتوانێت هەستە شاعێرانەکەی سەبارەت بە ئەو ڕووداوانە دەر ببڕێت. حاجی قادر کۆییش وەکوو یەکێك لە گرنگترین شاعێرانی شێعری بەرگریی کوردیی بە گشتیی و شێعری بەرگریی هەرێمی کوردستانی باشوور بە تایبەتیی، هەم توانییە خوێنێکی تازە بڕژێنێتە نێو دەمارەکانی شێعری بەرگریی کوردییەوە، و هەم توانیویە ڕێچکەییێك بۆ شاعێرانی دوای خۆی داڕێژێت و وەکوو قوتابخانەییێك ببێت بۆیان. «حاجی یەکەم شاعێرێکە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە ئاڵای بەرگریی بەرز دەکاتەوە. هەرچەند لە ڕاستیی ڕۆژانەی نەتەوە و ئاستی بەرەنگارییەکەی دوور بووەوە و شێعرەکەی شۆڕشگێڕانە- ڕۆمانتیکیی و هیوادار بوو، بەڵام ئەو ئەرکە مێژووییەی کە لە سەر شانی بوو جێبەجێی کرد و شێعری لە خزمەت خەبات‌دا دانا و شاعێرانی دیکەی بۆ ئەو خەبات‌کردنە بانگهێشت کرد و تەنانەت لە مەبەستەکانی شێعرە کلاسیکییەکانی‌دا ڕۆحە بێ‌پەروا و کۆڵنەدەرەکەی بۆ نەدەشاردراوە» (هەمان: ۷۲). ئەگەرچیی ڕواڵەتێکی ڕومانتیکیی بە ڕوومەتی شێعرەکانیەوە دیارە، بەڵام دەبینین کە بن‌واتا گشتییەکانی شێعری بەرگری وەکوو بانگهێشتی ڕووبەڕووبوونەوە، و هتد لە شێعرەکانی‌دا وردەوردە قوت دەبنەوە. ئەگەر حاجی قادری کۆیی لە سەدەی بیستەم‌دا بژیابا و ئەو هەموو گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەی بدیبایە، ڕەنگە بەرهەمگەلێکی لەبارتر و سەرنجڕاکێشتری لە بواری شێعر و ئەدەبی بەرگری‌دا دەئافراند و هاوکاتیش دەیتوانی کاریگەرییێکی باشتر و بەهێزتر بە سەر بزووتنەوە ئەدەبیی و نەتەوەییەکانەوە دابنێت. پێرەمێردیش بە شێواز و زمانێکی نزیك لە شێواز و زمانی حاجی قادرەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئەم بوارەدا هەبووە. «پیرەمێرد لە سەرەوەی گشت شاعێرە ڕۆمانتیکییەکان، لە سەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای نیشتمان فرمیسك دەڕێژێت، نەك لە سەر گڵکۆی خۆشەویستدا» (هەمان: ۸٦). ئەم وتەیە بۆچوون و ڕێچکەی پیرەمێرد لە مەبەستە شێعرییەکەی‌دا بەباشیی دەردەخات، واتە چیتر نایهەوێت ئاوڕ لە مەبەستە کۆنەکان بداتەوە، بەڵکوو دەیهەوێت ئاوێنەی سەردەمی کۆمەڵگاکەی ببێت. ئەوا شاعێرێك دەتوانێت خولیای ئەو مەبەستانە ببێت کە نەتەوەکەی ئازادە، نەك پیرەمێردی شاعێر.

لە قۆناغی دووهەمدا، کوردستانی باشوور بە شوێن شەڕی جیهانیی یەکەم و دەرکەوتەکانیەوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا وەکوو بەشێك لە ئەو وڵاتە لە دیکەی بەشەکانی کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا جیا بووەوە. نەتەوەی کورد لەم بەشەدا بە بۆنەی مافە ڕەواکانی خۆیەوە، بەردەوام لەگەڵ حکوومەتە جیاجیاکان و یەك لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەدا کێشەی هەبووە کە لە کاتی دەوڵەتی بەعسدا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی. «ڕەوتی نەتەوەخوازیی زێدەڕۆی عەرەبیی لە مامەڵە لەگەڵ نەتەوەی کوردی عێراقدا بەردەوام هەوڵی داوە کوردەکان سەرکوت بکات، یان لە نێویان ببات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، گوندە کوردنشینەکانی بە شێوازێکی دڕندانە وێران کردووە و ویستوویە ناوچە پڕداهاتە کوردنشینەکان بە سیاسەتگەلێکی نامرۆڤانەوە بە ناوچەگەلێکی عەرەبنشین بگۆڕێت» (ملا عمر عیسی، ١٣٨٠: ٤١). شێعری بەرگریی کوردستانی باشوور، لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە لە سەدەی بیستەمدا شێوازێکی تازە بە خۆ دەگرێت و ڕێكوپێکتر لە پێش و هاوشانی بزووتنەوەکان و ڕەوتە جۆربەجۆرە سیاسییەکان ڕۆڵ دەگێڕێت. «لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەشدا لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکاندا، شێعری کوردیی باشتر ئاوێنەی مەسەلە سیاسییەکان ئەبێت و زیاتر ئەخەملێ و تێکەڵاوی جەماوەر و هاندەریان ئەبێت، وەکوو چەکێك لە دژی داگیرکەران بە کار دێت و لە ناو ئاپۆرەی مانگرتن و خۆپیشاندەراندا ئەخوێنرێتەوە» (بایز ئیسماعیل، ٢٠٠١: ٦٠). مەبەستە گشتییەکانی شێعری شاعێرانی ئەم سەردەمە لە بۆنە و مەبەستە عاشقانەکان دوور ئەبێتەوە و دەپەرژێتە سەر خۆشەویستیی نیشتمان و ئازادیی‌خوازیی و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆری زاڵمان و داگیرکەران و بنواتاگەلێك لە ئەم دەستانە.

لە پاڵ حاجی قادر و پیرەمێرددا، فایەق بێ‌کەس (١٩٠٥- ١٩٤٨) ناسراوترین شاعێری شێعری بەرگریی کوردستانی باشوورە. ساڵی ١٩٤٥ کاتێ لە سلێمانیی ئاهەنگێك بۆ مێجەر ئەدمۆندس موستەشاری کاربەدەستی وەزارەتی ناوخۆ ساز دەکرێت، فایەق بێکەس چامەی بیستوحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم ... دەخوێنێتەوە (هەمان: ٦٠، کورتکراو) کە هەنووکە یەکێك لە ناسراوترین شێعرەکانی بواری ئەدەبی بەرگریی کوردییە و لە بۆنە و یادەوەرییە گرنگەکانی ئەم بوارەدا دەخوێنرێتەوە و وەکوو هێماییێکی بەرگری و خۆڕاگریی هەژمار دەکرێت. بێجگە لە فایەق بێ‌کەس، بەشێك لە شێعرەکانی گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢)، دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨)، هەردی (١٩٢٢- ٢٠٠٦)، دیلان (١٩٢٧- ١٩٩٠)، کامران موکری (١٩٢٩- ١٩٨٦)، کاکەی فەلاح (١٩٢٨- ١٩٩٠) هەر کامیان لە سەنگەرێکی تایبەتەوە بەرەنگاری ستەم و دەستدرێژیی و سەرکوتی داگیرکەران بوونەتەوە و ئاوێنەییێکی باڵانوێن لە سەردەمی خۆیانن. مامۆستا محەڕەم محەمەد ئەمین (١٩٢١- ١٩٨٠)، جەمیل ڕەنجبەر (١٩٤٨- ١٩٨٠)، دڵشاد مەریوانیی (١٩٤٧- ١٩٨٩)، عەبدولخالق مەعرووف (١٩٣٥- ١٩٨٥)، شاکر فەتاح (١٩١٤- ١٩٨٨) و هتد، چ لە خەباتی چەکداریی و بەرگریدا لە شۆڕش، چ لە زیندانەکانی حکوومەتی عێراقدا بە ناهەق بێ‌سەروشوێن و شەهید کران (هەمان: ٦٠ — ٦٢ کورتکراو).

دوایین بەرەی شاعێرانی بەرگریی ئەدەبی کوردیی کوردستانی باشوور کە هەر کامیان خاوەن شیوازێکی تایبەت بە خۆیانن و وەکوو کۆڵەکەکانی ئەم بوارە هەژمار دەکرێن، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دەردەکەون. «لە دەیەی هەشتای زایینیی‌دا جۆرێك نوێ لە ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی عێراقدا سەر هەڵ دەدات کە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعێرانێك وەکوو عەبدوڵا پەشێو (١٩٤٦- )، لەتیف هەڵمەت (١٩٤٧- )، شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠- ٢٠١٣)، و ڕەفیق سابیر (١٩٥٠- ) گەیشتە ترۆپکی خۆی» (سجادی، ١٣٩٥: ٣٤). ئەم شاعێرانە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی شاعێرانی پێشووی خۆیان و زانیاریی سەبارەت بە ئەدەبی بەرگریی نوێی جیهانیی و سەردەم و هەروەها بە پێی بارودۆخی ئاستەمی نەتەوەکەیان، بەرهەمگەلێکی بەهێزیان ئافراندووە کە شان لە شانی بەرهەمە بەناوبانگە جیهانییەکان دەدات. ئەم شاعێرانە بە کەڵکوەرگرتن لە بابەت و مەبەستە نوێیەکان لە شێعری خۆیاندا، ئاوڕ لە بنواتاگەلێکی نوێ و بەرۆژ دەدەنەوە و لە خزمەتی ئەدەبەکەیاندا بە کاریان دەبەن.

پەشێو لە نێو دوایین بەرەی شاعێرانی بەرگریدا خاوەن بیر و زمانێکی تایبەت بە خۆیە کە بە دەگمەن لە لای شاعێرانی دیکەی ئەم بەرەیەدا دەبینرێت. ژیانی پەشێو لەگەڵ چەمك و بابەتی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی زاڵم و داگیرکەردا تێکەڵە و کەس ناتوانێت لێکیان کاتەوە. پەشێو لە ئەدەبەکەی خۆیدا خاوەن بۆچوونێکی بەرتەسك نیە و تەنیا نەتەوەکەی خۆی نابینێت، بەڵکوو

بەردەوام چاوێکیشی لە نەتەوە ژێردەست و ستەملێکراوەکانی دیکەی جیهانە. «شێعری پەشێو یەکێك لە جۆرە بەرچاو و بەهێزەکانی شێعری بەرگرییە. شاعێر لە شێعرەکانی‌دا باسی دۆخی ترسێنەر، خنکێنەر و خوێناویی کوردستانی کردووە و بە هەستێکی پتەو و کارتێکەر، لە شێعرەکانی‌دا ئێش و ئازاری نەتەوەکەی خۆی و هەروەها دیکەی نەتەوە ستەملێکراوەکان وەکوو فەلەستینییەکان و ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و نەتەوە شۆڕشگێڕەکانی ئەمریکای باشووری دەربڕیوە» (ئامیدیان، ۱۳۸۸: ۱٤۲). لە پاڵ شێوازی بەهێزی شێعریی‌دا، ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگ‌وبۆنێکی مرۆڤانەتری بە شێعری بەرگریی پەشێو بەخشیوە و وای کردووە کە ڕادەی پەسندکراوییان لە ئاستی جیهانیی‌دا بەرز بێتەوە و تاکی هەر نەتەوەیێك و بە تایبەت نەتەوە ژێردەستەکان بە بیستنی شێعرەکانی ناوبراو هاوشێوەییەکی تەواو لە نێوان خۆیان و نەتەوەی کورددا بدۆزنەوە. «شێعری پەشێو بۆ زمانگەلێکی زۆری زیندووی جیهان وەکوو ئینگلیزی، فەڕنسی، عەرەبی، ڕووسی، تورکی و فارسی وەرگێڕدراوەتەوە» (هەمان: ۱٤۳). بێگومان ئەم وەرگێڕانانە ناوەڕۆکی شێعری پەشێو و ویژەی بەرگریی کوردییان باشتر بە خەڵکی ئەم زمانگەلە ناساندووە، و هەروەهاش دەتوانن لایەنی مرۆڤی و جیهانیی ئەدەبی بەرگریی شاعێر نیشان بدەن و جیهانبینییەکەی لە ئەم بوارەدا زەقتر بکەنەوە.

هەرچەند بەرگری بۆ مرۆڤ کۆتایی پێ‌نایێت، بەڵام کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی ۱۹۹۱ـەوە وردەوردە ئازادیی و سەربەخۆیی خۆی (واتە مەبەستی سەرەکیی ئەدەبی بەرگری) بە دەست هێنا و لە ساڵی ۲۰۰۳ـەوە تاکوو ئێستا لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی ناوەندا خاوەنی حکوومەتی خۆیەتی و بەم بۆنەوە ئیتر لەم ناوچەدا شاعێری بەرگرییمان بە ئەو واتا نوێ و باوەی سەردەمی هاوچەرخ کە باسی لێوە کرا نیە و نابێت و ئەگەریش شاعێران ڕەخنەیێکیان لە دەسەڵاتی کوردیی هەبێت، ئەوا باسێکی دیکەیە و چیتر ناچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە.

### ٥- بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی داهاتووی ڕوون لە شێعری پەشێودا

پەشێو لە دەفتەری *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغە*دا دوو وانەی سەرەکی بۆ منداڵان، یان بە واتایێکی ڕوونتر بەرەی نوێ دەڵێتەوە کە لە داهاتووی کۆمەڵگادا کاریگەرییێکی حاشاهەڵنەگری هەیە. ئەو دوو وانەیە بیری بەرەی نوێ بە ڕووی ڕاستییەکاندا ڕوون دەکاتەوە و هانی دەدات تاکوو بە تین و هێزێکی باشترەوە لە بەرانبەر داگیرکەردا بوەستێت و چارەنووسی خۆی دیاریی بکات. وانەی یەکەم ڕاگەیاندنی چۆنیەتیی بارودۆخی شەستەکان و حەفتاکانی کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور، و وانەی دووهەمیش چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوونە. ئەگەر بە وردییەوە سەرنجی ئەم دوو وانە، یان ئەم دوو بنواتایە بدەین، دەبینین وانەی یەکەم، یان بنواتای یەکەمیش هەر لە خزمەت وانەی دووهەم، یان بنواتای دووهەم‌دایە کە بابەتی سەرەکیی ئەم وتارەیە. شاعێر لە دەفتەری ئاماژەپێکراودا دەیهەوێت چاوی بەرەی نوێ بە ڕووی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشووردا بکاتەوە تاکوو بتوانێت لە بەرانبەر دوژمن‌دا سەر بکەوێت و داهاتوویێکی ڕوون بێنێتە دیی. بە واتایێکی دیکە، ئەم دفتەرە هەڵگری دوو بنواتای سەرەکییە کە یەکێك لە ئەو دوو بنواتایەش لە خزمەت ئەوی‌تردایە، واتە شاعێر سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕوونی لە پێناوی زانیاریی و تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە چۆنیەتیی بارودۆخی کۆمەڵگاکەیان‌دا داناوە. کەوایە، دەتوانین بڵێین پەشێو، ڕزگاریی نەتەوەکەی لە دوو لایەن‌دا دەبینێت: یەکەم، تێگەیشتنی منداڵان لە بارودۆخی کۆمەڵگا، و دووهەم، چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی ئەو داهاتووە ڕوونەی کە منداڵان بە دەستی دێنن.

### لایەنی یەکەم: وریاکردنەوەی منداڵان

شاعێر سەرکەوتن و داهاتووی ڕوون لە گرەوی تێگەیشتنێکی تەواو لە بارودۆخی کۆمەڵگا دەبینێت. بەم پێیە، نزیکەی نیوەی لە شێعرەکانی ئەم دەفتەرەی بۆ زانیاریی‌بەخشین بە چینێك لە کۆمەڵگا تەرخان دەکات کە لە ئەوانی دیکە بێ‌خەوشترە و ئاوێنەی دڵیان تێکەڵ بە هیچ گیرۆدەییەکی دونیایی نەبووە و بەم بۆنەوە، دەتوانن چاکترین بەردەنگ و گوێگێر ببن. ئەم چینە هەمان چینی منداڵانە کە شاعێر دەیهەوێت چاویان بە ڕووی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردستانی باشووردا بکاتەوە. شاعێر بە تووڕەییەوە ڕەخنە لە چینی گەورەساڵی کۆمەڵگا و کەم‌وکورتییەکانی لە بەرانبەر زاڵم و داگیرکەردا دەگرێت، و بەو بۆنەوە بانگی منداڵان دەکات و پێیان دەڵێت:

منداڵەکان!
ئەی یاخییە ژینتاڵەکان:
سبەی ئێوە کە گەورە بوون،
...
ڕەنگە زۆرتان بەر گوێ کەوێ
باسی ئێمە و ئازایەتیی
باسی ئێمە و کوردایەتیی
بەڵام نەکەن بڕوا بکەن
هەمووی درۆن، درۆی پەتیی! (پەشێو، ٢٠٠٦: ٢١٩ و ٢٢٠، کورتکراو).

شاعێر بانگی منداڵان دەکات و دەڵێت ئەی منداڵە کۆڵنەدەرەکان، ئێوە لە دوارۆژدا و کاتێك کە گەورە دەبن، لە گشت ڕەهەندە زانیارییدەرە باوەکانەوە شتگەلێك سەبارەت بە ئازایەتیی و نیشتمانپەروەریی بەرەکانی پێش خۆتان دەبیستن، بەڵام نەکا باوەڕ بکەن بە ئەو قسانە، چونکوو ئەگەر سەرنجی بارودۆخی کۆمەڵگا بدەن، ئەوا بە باشی بۆتان دەردەکەوێت ئەو قسانە ڕاست نین. شاعێر بە وردبینییەکی قووڵەوە ئاماژە بە ئاستی نزمی هەوڵی نیشتمانپەروەریی و ئازادییخوازیی وەکوو کەلەبەری کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور دەکات کە تاکەکانی بۆ قەرەبووکردنەوە و پڕکردنەوەی پەنایان بردووەتە بەر جۆرەکانی خەرمانی فولکلۆر و ڕەهەندە ڕاگەیاندنییەکانی سەردەم و ویستوویانە لە ئەو ڕێگایەوە ڕقی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکەر هەڵڕێژن، واتە لە جێگای بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونی ڕاستەوخۆ، ڕێگاییێکی ناڕاستەوخۆیان هەڵبژاردووە کە شاعێر پێی باش نیە و بەم بۆنەوە دیهەوێت بەرەی داهاتوو ڕابهێنێت تاکوو ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاستییەکاندا ڕووبەڕوو ببنەوە و خۆیان لە ئەو دۆخە نالەبارە ڕزگار بکەن.

شاعێر لە جێگاییێکی تردا باسی نەزانین و هەروەها دەستەوستانی و دەستەوزرانیبوونی بەرەکانی پێشوو لە بەرانبەر چارەنووسدا بۆ منداڵان دەکات و دەڵێت:

منداڵەکان!
ئێمە تووشی سەد کوێرەڕێین
چرای بیرمان گەلێك کزە
هەنگاوی کوێرانە دەنێین!
منداڵەکان
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە :
هەبوو .. نەبوو ..
هۆزێك هەبوو لە خاکێکا
...
فەیلەسووفیان
فاڵچییەك بوو
شەوان فاڵی دەگرتەوە
تا بزانێ کەی دوژمن بۆی
پەت دەخاتە گەردنی خۆی
پیاوماقووڵیان
کەڕ و لاڵ بوو
ماوەی کورتی ئارامیشی هەزار ساڵ بوو (هەمان: ٢٢١ و ٢٢٢، کورتکراو).

لێرەدا شاعێر باسی ئەو نەزانینەی بۆ منداڵان کردووە کە تووشی کۆمەڵگا هاتووە و تاکەکانی بە لاڕێدا بردووە و دەبات. لە پاڵ ئەو دەردەشدا، هەر ئەو نەزانینە بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ تاکێك و بەتایبەت کەسایەتییە گرنگەکان لە جێگای خۆیاندا نەبن و دواکەوتووانی خۆیان بە لاڕێدا ببەن. وەها کۆمەڵگایێك دەیهەوێت دوژمن بۆ خۆی لە بەرانبەریاندا چۆك دابدات و ئەوانیش بەبێ هەوڵ و تێکۆشانێك بگەنە ئامانج و ئاواتی خۆیان. تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە دستەوەستانن و هیچ کردەوەیێك لە خۆیانەوە نیشان نادەن و زاناکانیش دەم بە هیچ قسەیێك ناکەنەوە، بەڵکوو گشتیان لە خەیاڵی خۆیاندا دەیانهەوێت دوژمن بۆ خۆی پەت بخاتە ملی خۆی و لە کۆڵیان ببێتەوە. پەشێو نایهەوێت بەرەی داهاتوو لە سەر ئەم ڕێچکەیە پێ بگات و دابونەریتە کۆنەکان لە ڕێگە لای بدەن، بەڵکوو دەیهەوێت بەئاگا بار بێن و بە تەمای هیچ هێزێکی ئەفسانەیی و دەرەکیی نەبن، و تەنیا لە پێناوی زانیندا پشت بە هێز و توانی خۆیان ببەستن و چارەنووسیان لە داهاتوویێکی ڕووندا دیاریی بکەن.

پەشێو لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە بێئەنجامی و بێدەستکەوتیی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی دەکات کە لە ڕێگای ڕزگاری‌دا کراون و دەڵێت:

منداڵەکان!

لە وانەکانی دوێنێمدا

گوتم ئێمە، لەوەتی هەین

درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین

...

مەترسن، بپرسن، بڵێن:

لە سەفەری دوڕگەی خوێنا

بۆ منالان چیتان هێنا؟ (هەمان: ۲۲۶ و ۲۲۷، کورتکراو).

ئەم شێعرە بە باشی باسی خۆخەڵەتاندن و خۆلادانی کۆمەڵگای شاعێر لە دۆزینەوەی هۆکارەکانی بێئەنجامیی هەوڵەکانیان بۆ ئازادیی دەکات. کاتێك شاعێر ویستوویە ڕەخنە لە ئەو ڕەوت و ئاکارە بگرێت، ڕووبەڕووی تیر و تانەی بەرەی کۆن دەبێتەوە، و بەم بۆنەوە داوا لە منداڵان دەکات کە لێیان بپرسن ئەنجامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە چی بووە و بۆچی دەستکەوتێکی شیاویان ئاراستەی بەرەکانی داهاتوو نەکردووە. پەشێو بە پرسیارێکی حاشایی و لە درێژەی گێڕانەوەیێکی چیرۆکانەدا، شکست و بەزینی بەرەکانی پێشوو لە ململانێ ئازادیی‌دا بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە. شێوازی شاعێر لێرە و لە زۆربەی وتوویژەکانی لەگەڵ منداڵاندا، بەردەوام هەوڵ دەدات مەبەستەکانی خۆی لە بەرگی زمان و شێوازی ئەواندا دەربڕێت. شاعێر لە جێگایێکی دیکەدا باسی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەکانی کۆمەڵگاکەی لەگەڵ خۆی‌دا دەکات. ئەو لە ڕێگای لێکچوواندنی شاراوە و تیلنیشانەوە خۆی بە مەنسووری حەلاج دەشوبهێنێت کە بە شێوازێکی جیاواز دونیای دەبینی.

منداڵەکان!

کە وانەکان دەخوێننەوە

...

چاك دەزانم

گەورەکانتان بتانبینن

داختان دەکەن

وانەکانم دەسووتێنن

دێن دووبارە

جەستەی حەللاج دەدەنەوە لە سێدارە (پەشێو، ۲۰۰۶: ۲۴۰ و ۲۴۱ کورتکراو).

پەشێو دەیهەوێت بە شێوازی خۆی بەرەی داهاتوو بار بهێنێت کە لە چاو شێوازی بارهاتنی گەورەکان جیاوازە. حەللاج بە بۆنەی درکاندنی ڕاستییگەلێکەوە لە سێدارە درا کە نەدەبا بیدرکانبایێت، و شاعێریش چاوی منداڵانی نەتەوەکەی بە ڕووی ڕاستییگەلێکدا دەکاتەوە کە گەورەکان پێیان خۆش نیە، بەم بۆنەوە، ڕووبەڕووی هەر جۆرە بیرێکی پەشێوی حەللاج دەبنەوە و لە هەمان کاتیشدا سزای منداڵەکانیشیان دەدن کە نەکا شوێن قسەکانی نەکەون.

شاعێر لە شوێنێکی دیکەدا ڕەخنە لە ڕێکخراوە جیهانییەکان دەگرێت و دەیهەوێت بە زمانێکی سادە و ساکاری چیرۆکانە، دونیای پێچەڵپێچی سیاسەت بە منداڵان بناسێنێت. بێ گومان ئەو ڕێکخراوانە بەرانبەر بە نەتەوەی شاعێر ئەرکی خۆیان بەباشیی بە جێ نەهێناوە و ئەویش بەم بۆنەوە ڕوو لە منداڵانی بەرەی داهاتوو دەکات و پێیان دەڵێت:

مناڵەکان!

ئەی بێ لانە ژینتاڵەکان

شەو لە خەوما ڕێبوارێك بووم

بۆ بارەگای "یوتان" دەچووم

...

قیژاندیان:

ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە

ئەی بێ ئاڵا بۆ دەرەوە

منیش گوتم:

مەقیژێنن

کە دەچمەوە

ئەم چیرۆکە بۆ مناڵان دەگێڕمەوە! (پەشێو، ٢٠٠٦: ٢٣٨ و ٢٣٩ کورتکراو).

شاعێر سەرەتا بە درکەوە باسی دووردەستی و شیمانەنەکراویی نزیکبوونەوەی نەتەوەکەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، واتە لە خەودا دەتوانێت بۆ بنکەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوات و لەگەڵ "یۆتان" سکرتێری گشتیی ئەو کاتەی ئەو ڕێکخراوەدا دانیشێت. شاعێر لەم شێعرەدا هێمای نەتەوەکەیە و تەنیا لە خەودا دەتوانێت سەفەر بۆ بنکە و بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە تەنانەت لە خەویشدا ئاوڕی لێ نادەنەوە و دەیکەنە دەرەوە. ئەو کە باوەڕی بە تاکەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵگای خۆی نەماوە، نایهەوێت ئەم چیرۆکە بۆ گشت نەتەوەکەی بگەڕێنێتەوە، بەڵکوو تەنیا دەیهەوێت ئەم ڕاستییە تاڵە بە لای بەرەی داهاتووەوە بدرکێنێت تاکوو ئەوانیش وریا ببنەوە و بتوانن لە داهاتوودا دۆخەکە بگۆڕن.

لە شوێنێکی دیکەدا، پەشێو داوا لە گەورەکان دەکات کە منداڵان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر ڕا بێنن تاکوو ئەو کاتە بتوانن وەکوو گشت منداڵانی دونیا، منداڵیی بکەن و واز لە دونیای شەڕ بێنن. شاعێر تکا لە گەورەکان دەکات و دەڵێت:

زۆر تکایە

بۆ ئەوەی مناڵی ئێمەش

بووکەشووشەیان دەستکەوێ

وەکوو هەموو مناڵانی ئەم دنیایە

فێریان بکەن، ڕایانبێنن

تانك و تۆپی داگیرکەران تێكبشکێنن (هەمان: ٢٥٧).

ئەگەرچی پەشێو لەم دەفتەرەی خۆیدا کەمتر ڕووی دەمی لە گەورەکان دەکات، بەڵام لێرەدا، لێیان دەپاڕێتەوە و سەرنجیان بۆ لای ڕاستییەك دەکێشێت کە لە کۆمەڵگای کوردیی ئەو کاتەی کوردستانی باشووردا لاواز بووە و ئەویش گرنگییدان بە پەروەردە و بارهێنانی منداڵان و بەرەی داهاتوو لە بواری بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەراندایە. پەشێو لەم شێعرەدا وەکوو شێعرەکانی دیکە، ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە گەورەکان ناگرێت، بەڵکوو لە ڕێگای درکەوە دەردێت و ناڕاستەوخۆ دەیهەوێت سەرنجیان بۆ ئەو بەشە گرنگە ونبووەی ڕێگای ڕزگاریی ڕابکێشێت کە ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی لە داهاتووی بەرگریدا دەبێت و وڵات لە داگیرکەران چۆڵ دەکات.

لە شێعرەکانی دیکەی ئەم دەفتەرەدا، شاعێر بەردەوام هەوڵ دەدات چاوی ڕۆڵەکانی بەرەی داهاتووی کوردستانی باشوور بە ڕووی گشت ئەو ڕاستییانەدا بکاتەوە کە هەم لە نێوخۆی وڵاتدا هەبوونیان هەیە و هەم دەستە دەرەکییەکانیش ڕۆڵ و کاریگەرییان تێدا بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە تاقەتی ئەم وتارەدا ناگونجێت، دەستمان لێیان دەکشێنینەوە و دەپەرژینە سەر ئەو شێعرانەی کە بنواتای "چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی داهاتووی ڕوون" لە ئامێزی خۆیان دەگرن. بە واتایێکی ڕوونتر، باسی ئەو شێعرانە دەکەین کە دەکەونە لایەنی دووهەمەوە.

**لایەنی دووهەم: چاوەڕوانیی سەرکەوتن و پێشبینیی داهاتووی ڕوون**

بە بۆنەی ئەوەی کە شاعێر لە ناخەوە باوەڕی بە هێز و توانستی منداڵانێك هەیە کە تێگەیشتنێکی باشیان لە بارودۆخی نەتەوە و کۆمەڵگای خۆیان بە دەست هێناوە، ئەوا دڵی بە داهاتوو خۆشە، چونکوو دەزانێت ئەو بەرەیە سەر دەکەوێت و ڕزگاریی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر دەکات. «منداڵ، کاراکتەرێکی هەمیشەئامادە و چالاك و هیوالەسەرهەڵچنراوی نێو شێعری پەشێوە. منداڵ هێمای ئایندەیێکی ئاسۆ فراوانتری پڕ لە بەختەوەریی و چارەنووسێکی گەشترە»(بەرزنجەیی، *هەنار*: ۲۳). پەشێو منداڵانی بەرەی داهاتوو دەناسێت و پێشبینیی دەکات کە لە بەیانییەکی ڕووندا دوژمنی داگیرکەر لە نیشتمان دەکەنە دەرەوە. هەروەها لە هێندێك دۆخدا، شاعێر ڕوودانی ئەو داهاتووە گەشە دەنێتە زمانی منداڵان، واتە وایان لێ دەکات خۆیان باوەڕ بکەن کە داهاتوویێکی ڕوون بە دەست دێنن.

یەکیەتیی، شاکلیلی ونبووی دەرگای ئازادییە کە دەمێکە بەرەکانی پێشووی کۆمەڵگای شاعێر بە شوێنیدا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە یەکتر داببڕێن. بەم بۆنەوە، شاعێر منداڵانی بەرەی داهاتوو وەها دەبینێت کە ئەو شاکلیلەیان دۆزیوەتەوە، و پێیان دەڵێت:

منالەکان!

ئێوەن زەلکاو دەشلەقێنن

ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی

سبەی کانی دەتەقێنن

سنووری دەستکرد دەشکێنن

قەفی زنجیری لێکپچڕاو

بە یەکترەوە دەلکێنن (پەشێو، ۲۰۰۶: ۲۲٤).

پەشێو لێرەدا دەست دەداتە پێشبینییکردن و منداڵان بە هۆکاری شڵەقاندن و شێواندنی ئەو زەلکاوە نائومێدیی و ڕۆژڕەشییە دادەنێت کە نیشتمانی داگرتووە. لە دێڕی دووهەمدا، شاعێر منداڵانی بە بوومەلەرزەیێك شوبهاندووە کە کانیاو هەڵدەقوڵێنێت. کانییاوی ئاماژەپێکراو، هەمان ژیانی نوێ و داهاتووی گەش و ڕوونە کە بە دوای نەمانی وشکەساڵیی داگیرکەردا دەردەکەوێت. منداڵانی نەتەوەی شاعێر هەمان بەرەن کە هەڵەی پێشینیانیان دووپات ناکەنەوە و دەست لە دەستی یەکتر دوژمن و داگیرکەر ڕاو دەنێن، و لە دوای شەوەزەنگی ستەم و داگیرکارییدا، بەیانییەکی ڕووناك دەئافرێنن و مزگێنیی دەرکەوتنی داهاتوویێکی ڕوون بە نیشتمان و گەل دەدەن. وشە ڕەمزاوییەکانی "سبەی" و "کانیاو" بۆ بەردەنگی ئەم شێعرە پڕن لە واتای ڕووناکیبەخش و نوێبوونەوە لە دوای تاریکایی و کۆنەیی کە شاعێر بە وردبینییەوە هەڵیبژاردوون.

پەشێو لە شێعرێکی دیکەدا باسی نەبوونی ڕێبەر و پێغەمبەرێك دەکات کە بکەوێتە پێش و لە بەرانبەر دوژمندا بوەستێت. منداڵان هەمان پێغەمبەر و ڕێبەرانن کە شاعێر چاوەڕێیانە، و بەم بۆنەوە بانگیان دەکات و دەڵێت:

منالەکان!

...

زۆر لەمێژە کێوەکانی ئەم وڵاتە

پێغەمبەرێکیان تیا قاتە

منالەکان

لە ئاگردانی چاوتاندا

من چاوەڕێی زەردەشتێکم

بێ، جێ بەو بتانە لەق کا

من چاوەڕێی

چەخماخەی ئاڤێستایەکم

بێ، جەرگی تاریکیی شەق کا (هەمان: ٢٢٨ و ٢٢٩، کورتکراو).

شاعێر سەرەتا باسی نەبوون و لاوازیی هەوڵی سەربەستیی و ئازادیی دەکات و لە ڕێگای خواستنێکی ڕستەوە (الإستعارة التمثیلیة) ڕەوتی ڕاگوێزانی هەستی ئازادیی‌خوازیی لە پێشینیانەوە بۆ بەرەکانی داهاتوو بە جوانیی دەردەبڕێت، واتە وێنەی "شیرداننی دایکان بە منداڵان" لە جێگای "فێرکردنی منداڵان بە ئازادیی‌خوازیی و بارهێنانیان لە سەر ئەو ڕێچکەیە"دا داناوە. پەشێو بە شوێن ئەم بەشەدا، بە کەڵکوەرگرتن لە لێکچوواندنی شاراوە، قسە لە نەبوونی پێغەمبەرێك دەکات کە بانگی ئازادیی‌خوازیی بە نێو کێوەکانی وڵاتەکەیدا بڵێتەوە. ئەو لە ئاگردانی چاوی منداڵان و بەرەی داهاتوودا چاوەڕێی زەردەشتێکە دێت و گڵۆڵەی داگیرکەران دەخاتە لێژیی. ئەو زەردەشتە کە هەمان منداڵانن، بە یارمەتیی بڵێسەی ئاڤێستاکەیەوە جەرگی تاریکیی دەبڕێت و ڕووناکایی دەئافرێنێت. وشە هێماییینەکانی "ئاگردان"، "زەردەشت"، "چەخماخە" و "ئاڤێستا" بەدیهێنەری ڕووناکیی و تێگەیشتنن کە بە منداڵانەوە بەندن؛ ئەو منداڵانەی کە لە داهاتووی ولاتدا ڕۆڵێکی بنەڕەتیی و سەرەکیی دەگێڕن و لە ئاکامدا تاریکایی و شەوەزەنگی داگیرکەریی و ستەم دەڕەوێننەوە. بە دڵنیاییەوە شاعێر ئەم وشانەی بە وردییەوە هەڵبژاردووە و بەردەوام هەوڵی داوە کەڵك لە وشەگەلێك بگرێت کە بۆ بەردەنگی کورد نامۆ نەبن و لە هەمان کاتیشدا خاوەن واتایێکی قووڵ ببن. هێنانی نێوی زەردەشت، وەکوو وێنەیێکی سەرەتایین[4] کە کۆمەڵگای خۆی بۆ لای ڕووناکایی بانگهێشت کردووە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕادەی کاریگەریی مەبەستی شاعێر بە سەر بەردەنگەکانییەوە زۆرتر ببێت، و بەم بۆنەوە ئەوانیش باشتر دەتوانن چونیەکباوەڕیێکی[5] لەبار لەگەڵ وێنە سەرەتاییەکەدا پێك بێنن.

پەشێو لە شوێنێکی دیکەدا باسی بێ‌ئەنجامیی ڕێباز و بەفیڕۆچوونی ئەو هەوڵانە دەکات کە بۆ ئازادیی بەڕێوە چووە و دەڕوات، و لە ئەنجامیشدا هیچ دەستکەوتێکی بۆ نەتەوەکەی نەبووە. بەم بۆنەوە بانگی منداڵان دەکات و پێیان دەڵێت:

منالەکان!

با ئەو جۆگەیە بگۆڕین

کە خوێنمانی پێدا دەڕوات

با ئەو زەمینەش بگۆڕین

کە چاو و کاسەسەر دەخوات

ئەوجا کێڵگەی ڕووناکیتان نیشان دەدەم

ئەوجا وەرزی دروێنەتان بۆ ڕست دەکەم (هەمان: ٢٣٥).

---

[4] . Archetype

[5] . Empathy

منداڵان لە ئەم شێعرە و شێعرەکانی دیکەی دەفتەری *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغە*دا دەروازەی گۆڕان و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی شاعێرن. پەشێو لەم شێعرەدا، بە زمانێکی ئاشنا و خۆماڵییەوە بانگی منداڵان دەکات تاکوو ئەو ڕێگە و ڕێبازە بگۆڕن کە ئەنجامێکی باشی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی‌خوازیی نەبووە، ئینجا دەتوانن لە بەرانبەر دوژمنان و داگیرکەراندا سەر بکەون و داهاتووی ڕوون بۆ نیشتمان و گەلەکەیان دابین بکەن. پەشێو بە کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلی ڕەمزاویی "جۆگە"، "زەمین"، "کێڵگە" و "وەرزی دروێنە" کە تایبەت بە وەرزێڕیی و کشتوکاڵن، چوار خواستنی لە ڕستەکەدا پێك هێناوە تاکوو باشتر بتوانێت مەبەستی خۆی بپێکێت و بەردەنگیش چێژی لێ وەربگرێت. لە پاڵ ئەمەشدا، ئەو وشانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەڤەر و سروشتی کوردستاندا هەیە و وێنەگەلێکی باشن بۆ دەربڕینی مەبەستی سەرمایەگوزاریی و چاوەڕێبوونی بەردان و بەهرەدانی هەوڵەکانی ڕێگای ئازادیی.

پەشێو لە شێعرێکی دیکەی‌دا کە سەردێڕەکەی "سەرکەوتن"ـە، بە گشتیی بانگی تاکەکانی نەتەوەکەی دەکات و مزگێنیی سەرکەوتنیان پێ دەدات. ئەو دەڵێت:

سەردەکەوین
چونکە دوێنێ
تۆپەقوڕێکی دەستکردم
دایە دەست مناڵێکی کورد،
ئەو لە باتی بووکەشووشە،
تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد (هەمان: ۲۵۱).

شاعێر لێرەدا بە دڵنیاییەوە مزگێنیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتوویێکی ڕوون بە گشت تاکەکانی کۆمەڵگای خۆی دەدات و دەیهەوێت هەموویان لە ئەو خۆشییەدا بەشدار بکات. هۆکاری ئەم بیر و باوەڕە پتەوە، ئەوەیە کە منداڵان و بەرەی داهاتووی کۆمەڵگاکەی چاویان بە ڕووی ڕاستییەکاندا کراوەتەوە و ئازارەکانی نەتەوەکەیان بەباشیی ناسیوە. کاتێك منداڵانی کوردستانی باشوور دەزانن ڕێگاچارەیێکی دیکەیان بۆ نەماوە و بێجگە لە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی بەرانبەر بە داگیرکەر، دەرەتانێکی دیکەیان نیە، ئەو ڕێگایە دەگرنە بەر کە بۆ داگیرکەر نامۆ نیە. کاتێك شاعێریش ئەم دۆخە دەبینێت، دڵنیا دەبێت کە نەتەوەکەی بە سەر دوژمندا سەردەکەوێت و داهاتوویێکی ڕوون و گەش پێك دێنێت.

کارەساتی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردان و سووتان و کاولکردنی گوندەکان بۆ هەموو شاعێرەکانی کوردستانی باشوور وەکوو بیرەوەرییەکی زۆر تاڵ، بە شێوازگەلێکی جۆربەجۆر لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. پەشێویش وەکوو شاعێرێکی نیشتمانپەروەر و هەڵوەدای وڵات، ڕابوونێك و هەستانێکی تازە لە ئەم ڕۆژە ڕەشەدا دەبینێت و سەبارەت بە بوردمانی نیشتمانەکەی لە بەرهەمەکانیدا دەڵێت:

لەو کاتەدا پۆستە گەیشت
پۆستەی ڕەشی بەغدا گەیشت
نامەی گڕ و ساچمەی هێنا
...
زەوی گریا،
ئاسمان گریا،
...
تەنیا لە ناو مناڵدانی ئافرەتێکا
گیانێکی نوێ چاوی پشکووت،
نیگای گێڕا و لە پڕێکا
لە ناو مشکیی دوای دۆزەخا
تروسکایی ڕابوونێکی تازەی پێکا (۲۵۹ و ۲۶۰ کورتکراو).

پەشێو لێرەدا باسی هێرشی دوژمن بۆ سەر وڵاتەکەی کردووە و هەوڵی داوە هیچ کات نەهێڵێت هیوای ڕۆژی سەرکەوتن لە دڵی تاکەکانی داهاتوو و بەتایبەت منداڵەکاندا کوێر ببێتەوە. لەم کاتەدا دار و بەرد و گشت لایەنێك بۆ ئەو خەڵکەی دەگرێت و هەر جۆرە هیوا و ئاواتێکیش لە ئارادا نەماوە، بەڵام هەر لە ئەم دۆخە ئاستەمەدا منداڵێك لە دایكدەبێت کە داهاتوویێکی نوێ بۆ وڵات و بەرگری لە بەرانبەر دوژمندا دەبینێت. شاعێر بە بەردەنگەکانی و بەتایبەت بە تاکەکانی نەتەوەکەی خۆی دەڵێت: هەرچەند ئاور و دووکەڵی بۆردمانەکەی داگیرکەر، هەموو شتێکی داپۆشیوە، بەڵام لە جەرگەی ئەم ئاور و دووکەڵانەوە منداڵێك لە دایكدەبێت کە ئاسۆی بەرەنگاربوونەوەیێکی تازە لە بەرانبەر داگیرکەردا دەبینێت. ئەم منداڵە هێمای بەرە و وەچێکە وا لە دواڕۆژدا ڕێگا و ڕێبازێکی نوێ دەگرێتە بەر، واتە خوێنێکی تازە دەرژێنێتە نێو دەمارەکانی بەرگرییەوە و تۆڵەی پێشینیانی لە داگیرکەر دەستێنێتەوە و داهاتوویێکی گەش پێكدێنێت. شاعێر لەم شێعرەشدا، بە دانانی وشەی "ترووسکایی" لە بەرانبەر "مشکیی دۆزەخ"دا، سەرەڕای هێنانی دژیەکێکی هونەریی و هەڵبژاردنی وشگەلێکی دۆزمەند، دۆخی هەر دوو کاتەکە بەباشیی نیشان دەدات. شاعێر بە ئەم کارە هەوڵ دەدات نەهێڵێت هیچ کات گڕ و تینی بەرگری کز ببێت و هیوای سەرکەوتن لە دڵی تاکەکانی کۆمەڵگاکەیدا بمرێت.

**٦- ئەنجام**

بنواتای "چاوەڕوانیی سەرکەوتن و داهاتووی ڕوون" یەکێك لە گرنگترین بنواتا شێعرییەکانی ئەدەبی بەرگریی عەبدوڵا پەشێوە کە سەرکەوتووانە و زیرەکانە گرێی داوە بە منداڵان و بەرەکانی داهاتووەوە. بەکارهێنانی ئەم بنواتایە بووەتە هۆی ئەوەی کە مەبەستە شێعرییەکانی خۆی ڕەنگینتر و قووڵتر بکات تاکوو باشتر بتوانێت نوێنەر و زمانی نەتەوە و کۆمەڵگاکەی ببێت. ئەو وەکوو کۆمەڵناسێك ڕەخنە لە هێندێك دابونەریتی کۆمەڵایەتیی دەگرێت کە بزووتنەوەی ڕزگاریی‌خوازیی بە لاڕێدا بردووە، بەم بۆنەوە دەیهەوێت بەرەکانی داهاتوو گیرۆدەی ئەو دابونەریتە ڕێگرانە نەبن کە کۆمەڵگا و تاکەکانی لە هێزی ڕاستەقینەیان دوور دەخەنەوە. کەوایە، شاعێر لە دەفتەری *دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شێعرێکی قەدەغە*دا گێڕانەوەیێك لە ڕابردوو ئاراستە دەکات و هاوکاتیش چاوەڕوانی سەرکەوتنی داهاتوویە، و ڕوونی پێشبینیی دەکات.

پەشێو بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی، کەڵکی لە چەند ڕازەی ڕەوانبێژیی وەکوو لێکچواندن، خواستن، درکە، و تێلنیشان وەرگرتووە کە لە گەیاندنی پەیام بۆ بەردەنگەکانی، ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێت. لە پاڵ ئەمەشدا، شاعێر لە دەربڕینەکانی خۆیدا وشەگەلێکی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ چاوەڕوانیی و پێشبینییەکەیدا بەباشیی دەگونجێن و بۆ بەردەنگی کوردیش نامۆ نین، بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە کار دەبرێن. پەشێو هەروەها بە هێنانی نێوی وێنەگەلێکی سەرەتایی وەکوو زەردەشت و مەنسووری حەلاج، گشت مەبەستی خۆی بۆ بەردەنگەکانی دەربڕیوە، واتە بە یەك وشە دەفتەرێك واتای پێشکەش کردووە. ئەم تایبەتمەندییانە وایان کردووە شێوازی شێعریی پەشێو پتەوتر دەرکەوێت و مۆرکێکی تاکەکەسییان بە سەردا بنەخشێت. شاعێر لە زۆربەی شێعرەکاندا بە شێوازێکی چیرۆکانە لەگەڵ منداڵاندا قسە دەکات و بانگیان دەکات. ئەم شێوەیە نیشان دەدات کە شێعرەکانی شاعێر هەڵگری پەیامێکی گرنگن، و شاعێریش بە ئەو کارە دەیەوێت دوو خاڵ بپێکێت. یەکەم: وریاکردنەوەی منداڵان و بەرەی داهاتوو سەبارەت بە خۆیان و دەوروبەریان. دووهەم: بەگوێ‌هێنان و ڕەخنەگرتن لە هەوڵە بێ‌ئەنجامەکانی بەرەکانی پێشوو.

بەسەرهاتە تاڵەکانی مێژووی کوردستانی باشووریش لە سەر بنواتاکا شێعرییەکانی پەشێو و بە تایبەت لە بنواتای چاوەڕوانیی سەرکەوتن و دەرکەوتنی داهاتووی ڕووندا کاریگەرییان هەبووە. پەشێو لە کارەساتە ناخۆش و دڵتەزێن و هیوابڕەکانیش-دا هیوای خۆی لە دەست نادات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەردەوام چاوەڕێی ڕابوون و هەستانەوەیێکی نوێیە کە منداڵان لە دوای هەرەسی تاریکایی سێبەری داگیرکەر بە سەر وڵات و نیشتمانەکەیاندا ڕێی دەخەنەوە و لە کۆتاییدا سەر دەکەون و داهاتوویێکی ڕوون پێك دێنن. ئەو وەکوو شاعێرێکی دەروەستی ڕاستەقینە، شێعری ئەم دەفتەرەی خۆی لە خزمەتی بەرگریدا داناوە، واتە گشت مەبەست و بنواتا شێعرییەکانی لە بازنەی بەرگریدا دەسووڕێنەوە.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

ئامێدیان، فەخرەدین (بێتا). *لە شاخەوە تا شار*، سلێمانی، ئازادی.

بایز ئیسماعیل، ئەرسەلان (۲۰۰۱). *ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شێعری کوردیی*، سلێمانی، چاپخانە و ئوفسێتی ڕوون.

بەرزنجەیی، هەڵۆ (۲۰۱۲). «سیمبۆڵی ئاڵا و نیشتمان لە شێعری پەشێودا»، *هەنار*، ساڵی ۲۰۱۲، ژمارە ۸۱، لل ۱۸- ۳۸.

پەشابادی، یەدوڵا. (۱۳۹۹). «خواستنی ئاراستەیی لە شیعری عەبدوڵا پەشێودا». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ساڵی ٦، ژمارەی ۱، لل. ۱۵۳-۱۸۹.

سەجادی، بەختیار (۲۰۲۲). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی-کوردی-فارسی)*. هەولێر، ماڵی وەفایی.

سەرسێفی، ڕەزا (۱۳۸۹). *پەندی پێشینیانی کوردی؛ مەسەل، مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی*، سەقز، گوتار.

**فارسی**

آمیدیان، فخرالدین (۱۳۸۸). *شعرای نامدار کرد*، تهران، آنا.

امیری‌خراسانی، احمد و فاطمه هدایتی(۱۳۹۳). «ادبیات پایداری؛ تعاریف و حدود»، *نشریه ادبیات پایداری*، دانشگاه شهید باهنر کرمان، ساڵی ششم، شماره ۱۰، صص ۲۳- ۴۱.

باروتیان، حسن (۱۳۸۷). *شخصیت‌پردازی در داستان‌های کوتاه دفاع مقدس*، تهران، بنیاد حفظ آثار و نشر ارزش‌های دفاع مقدس.

سجادی، بختیار (۱۳۹۵). *تاریخ ادبیات کردی در کردستان عراق پس از ۱۹۷۰*، سنندج، دانشگاه کردستان، پژوهشکده کردستان‌شناسی.

مجیدی، حسن (۱۳۹۰). «ادبیات مقاومت و فلسفه پیدایش مقاومت در کشورهای اسلامی تحت اشغال؛ فلسطین و عراق به عنوان نمونه»، *نشریه ادبیات پایداری*، دانشگاه شهیدباهنر کرمان، ساڵی سوم، شماره ۵، صص ۴۱۱- ۴۲۷.

معرفت، انور (۱۳۹۵). *سرآغاز شعر نو کردی و تحول فرم‌های آن*، کوردستان: سقز، گوتار.

ملا عمر عیسی، صالح (۱۳۸۰). *بحران‌آفرینی ابرقدرتها در کردستان عراق*، تهران، توکلی.

ملایی، ناصح (۱۳۹۹). «بررسی تطبیقی شعر پایداری در ادبیات عربی و کردی در نیمه دوم قرن بیستم میلادی؛ مطالعه موردپژوهانه اشعار سمیح قاسم و عبدالله پشیو»، پایان‌نامه مقطع دکتری، دانشگاه بوعلی‌سینا همدان.

میرصادقی، میمنت (۱۳۷۹). *واژنامه هنر داستان‌نویسی*، نشر مهناز.

**عەرەبی**

شیرکو، بلەج (۲۰۱۱). *القضیة الکردیة، ماضي الکرد وحاضرهم*، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

مصطفی‌رسول، عزالدین (۲۰۱۰). *الواقعیة في الأدب الکردي*، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.